هاولاتی
A Privat Weekly Issued By Ranj Print- Shop
ژمارە (٤٤) یەك شەممە ٢٠٠١/١٠/١٤

ئەزموونی دارستانو ئەزموونی دیموکراسیەت

چەند سەرنجێك لەڕووداوەکانی ئێستای دنیاو کوردستان

بەشی یەکەم

بەختیار عەلی

دوای رووداوەکانی مانهاتن، نووسەری ئەمەریکی پۆل ئەستەر گوتی:"ئێستاکێ سەدەی بیستو یەك دەستی پێکرد". لەڕاستیدا مایەی شەرمو پێکەنینیشە سەدەی بیستو یەك بەو جۆرە دەستپێبکات. بەڵام خودی ئەو شەرمو پێکەنینە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە ئێمە لەبەرابەر سەدەیەکی تاڵو تاریکی دیکەداین، سەدەیەك وەك سەدەی بیست ناتوانێت لەبۆنی باروت، لەڕق، لەبوغزو یەکدی سووتان جیابێتەوە. دیارە خودی ئەو جەنگەی ئەمڕۆ لەبەر دەرگاکانداینە، ئەو جەنگەی دەزانین لەکوێدا دەستپێدەکات و نازانین لەکوێدا دواییدێت، وەك هەر جەنگێك رۆژانە قسەیەکی زۆر لەهۆکارو دەرئەنجامەکان دەکرێت. ئەوەی لێرەدا من دەتوانم قسەی لەسەر بکەم، هەندێ خاڵی چکۆلانەن سەبارەت بەکولتوورو ئازادیو جەنگ، سەبارەت بەدەلالەتی هەموو رووداوەکان بۆ ئێمەی کورد. سەبارەت بەگواستنەوەی ئەو جەنگە لەنێوان شتێکی بێرۆخسارداً کە ناوی تیرۆرەو، شتێکی بێرۆخساری دیکەدا کە تازاددییە بۆ ناو کوردستان.

ناوەکانی ئەم جەنگە تازەیە لیستێکی سەیرە لەناوی نادیارو بێپێناسە. لەلۆژیکی ئەمریکییەکاندا ئەمە شەڕی نێوان "تیرۆر" و "ئازادی"یە، لەلۆژیکی تیرۆریستەکاندا شەڕی نێوان کوفرو ئیمانە، لەلۆژیکی هەندێکدا شەڕی نێوان کولتوورەکانو شارستانییەتەکانە. هەر یەکێك لەم تەفسیرانەش، بێبەری نین لەتەفسیری موتلەقگەرا، بێبەری نین لەخۆجوانکردنو بەشەپتانیکردنی ئەوی دی.. بەهەرحاڵ من دڵنیام ئەم جەنگە جەنگی نێوان دوو هێزی دزێوە، کە یەکێکیان خۆرئاوا بەرەو تاریکی دەبات و ئەوی دییان دەیەوێت خۆرهەڵات و وڵاتانی ئیمە هەتا هەتایە لەچنگی رابوردوو و زوڵمەتو نەگۆڕاندا بهێنێتەوە. ئەمەریکا لەدوای هاتنە دەرەوەی لەقێتنام، دنیای ناشیرین تر کردووەو جوانتری نەکردووە، گوتاری ئیسلامییە تونددڕەوەکانیش رژێمێکی وەك تاڵیبانی بەرهەم هێناوە. ئەوەی لەهەموو ئەم چیرۆکەدا خەمهێنو مایەی پەژارەیە ئەو کەرتبوونە قوڵو بێسنوورو لەیەکدی دابڕانە گەورەیەیە کە سااڵ دوای سااڵو رۆژ دوای رۆژ لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا دروستبووە.. خودی ئەم چیرۆکە رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو لۆژیکەی رۆژئاوا لەپرۆسەی گلۆبالیزەکردن ( ) بەڵام لەهەما ساتدا تامازۆن بۆ سەتجییەتو سادەیی هەندێك لەو خەونانەی لەسەر گلۆبالیزەیشن بونیاد نرابوو.

گلۆبالیزەیشن لەسادەترین مانایدا بریتییە لەنزیکردنەوەی دنیا لەیەکتر، بەڵام ئەمڕۆ ئاشکرایە ئەم نزیکبوونەوەیە لەبری ئەوەی جیهان بکاتە یەك یەکەی سەرەکی کە کۆمەڵێك بەهاو نرخی دیاریکراو کۆبکاتەوە، جیهانی کردۆتە دووبەش کە وەك بوشو بن لادن هەرکامەیو بەشێوازی خۆیان دەیڵێن تیایدا ناچاریت بەرەیەك هەڵبژێریت، یان بەعەقڵییەتی پۆلیسێکی ئەمەریکی بیر لەدنیا بکەیتەوە یان بەعەقڵیەتی بن لادن. پێدابگرتنی ئەمەریکا لەسەر ئەوەی "لەگەڵمدایت یان دژمیت" نەوەك گورزێکی گەورەیە لەگلۆبالیزەیشن، بەڵکو گورزێکە لەکولتووری دیالۆگو قەناعەت پێهێنان و هەڵبژاردنی ئازاد کە دەگەڕێنەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسییەت. دەبێت ئێستا بڵێین کە گلۆبالیزەیشن، هیچ نەبێت لەم قۆناغەیدا نەتوانی دونیا بکاتە یەك، بەڵام توانی دابەشبوونەکانی زیاتر بەرجەستەبکات. لێکدابڕانەکان زیاتر قوڵبکاتەوە.. ئەمڕۆ کە هەموان لەبەر دەرکی شەڕێکی نوێداین، لەبەردەم شەڕێکدا نین لەنێوان ئازادیو بەربەرییەتدا وەك بۆش بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو لەبەردەم شەڕێکداین لەنێوان بەربەرییەتی مۆدێرنو بەربەرییەتی بەر لەمۆدێرنەدا.

گلۆبالیزەیشن ئەگەر لەئاستی عەقڵو رۆحیشدا توانیبێتی دنیا کەمێك لەیەك نزیکبکاتەوە، ئەم رووداوانە ئەوەیان سەلماند کە هێشتا رەهەندە کولتووریو ئەخلاقییەکانی لەڕەهەندە ئابووریو سەربازیو تەرفیهییەکانی لاوازترە. ئەوەی گلۆبالیزەیشن تا ئێستا چالاکانە لەیەکیان نزیك دەکاتەوە مرۆڤەکانو میللەتەکانو کولتورەکان نیە، بەڵکو بازرگانەکانو حوکمڕانەکانو دیکتاتۆرو تیرۆریستەکانە.

ئەو نوخبەیەی لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوا بەشێوەیەك لەشێوەکان لەدەوری خەونی هاوبەشو پرۆژەی مرۆڤدۆستانەی هاوبەش کۆبوونەتەوە، ئەمڕۆ هەست بەدابەشبوونێکی دیکەی قوڵ دەکەن، هەست بەدوورکەوتنەوەو بچووك بوونەوەی ڕێگاکانی بەیەکتر گەیشتن دەکەن. ئەم قۆناغەی گلۆبالیزەیشن کە قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی خۆرهەڵات خۆی لەترسی تونددڕەوی ئاینیو داخرانو ترس لەخۆرئاوا تازاد بکات، دەرفەتێکی گرنگ بوو خۆرئاوا خۆی لەمیراتی خوێناوی ئیمپریالیەتو هاوپەیمانییە خراپەکانی قۆناغەکانی پۆستکۆلۆنیالی تازاد بکات، دەرفەتێکی گرنگ بوو دونیای وێران بتوانێت بەڕێگای ئاشتی فشار بخاتە سەر دونیای ئاوەدان. کەچی تونددڕەوەکان لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوا، لەسەر زیندووکردنەوەی ئیرسی قۆناغە دێرینەکانی جاران دەژین. لەسەر ئیرسی قۆناغە دێرینەکانی جاران دەژین. لەسەر ئیرسی ئیشکردن بەموتلەق، ئیرسی "ڕەش/ سپی" "من/ دوژمنەکەم" "هەق/ ناهەق". ئەو ئیرسەی من بۆ خۆم خەونی ئەوەم دەبینی گلۆبالیزەیشن بتوانێت بیشکێنێتو بیخاتە مۆزەخانەکانەوە.

ئەو نوخبەیەی جیهانگیری جۆرێك لەهێمنیو عەقڵانیەت بچێنێت، ئێستا لەوێستگەیەکی لاوازدایە.

بەپێچەوانەوە ئەو جەنگە کوێرەی هەندێ لەدەستگا گەورەکانی میدیا لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوا تێبکەوتوون توانیوێتی دۆخێك دروستبکات، هەرکەسەو بەراورد بەوانی دی خۆی باشتر ببینێت. واتە ئەمڕۆش وەك هەموو سەردەمەکانی پێشوو، کەمن ئەو کەسانەی تامادەن لەجوغزە بچووکەکانی خۆیان بێنەدەرێ، کەمن ئەوانەی هەستی دینیو ناسیۆنالیو قوتبپەرستیان بۆ خۆشەویستییەکی کراوەو رەهای ئینسانو ژیان جێبهێڵن. کەمن ئەوانەی تامادەنین بەڕۆحێکی جیهانگیرانە وەڵامی هەستە دەستپێدەکات کە خۆرئاواش دەکەوێتە ئەو دۆخەوە کەسایەتی ئەوتۆ بەرهەدەهێنێت کە شیاوی بەراوردبن بە"بن لادن" "مەلا عومەر"و "سەدام حسێن".

لەم ساتەدا کە دەکەوینە جەنگی نێوان دوو هێزەوە کە هەر یەکەیان خۆیان وەك دوو موتلەق نیشاندەدەن، گلۆبالیزەیشن زۆر لەماناکانی خۆی دەدۆڕێنێت، چونکە لەبەهانەو ماناکانی گلۆبالیزەیشن ئەوەیە جەنگ نەکەوێتە نێوان دوو موتلەقەوە.

هەڵەیەکی گەورەیە واتێبگەین کە بن لادن گیرفانێکی کولتووری بچووکەو دیارەیەکی تێپەڕو ناوازەو نا ئاسایی دنیای ئیسلامە. هەڵەش لەوە گەورەتر ئەوەیە وا تێبگەین کە بۆش بەناعەقلانیەتی، بەجەنگخوازی، بەو عەقڵیەتی تۆڵەو بێبایکیو کەمتەرخەمیو بەهیچ تەماشاکردنی بۆ دەرەوەی خۆی تەعبیر لەدیوێکی رەسەنو گرنگی کولتوری خۆرئاوا ناکات. دیارە من خۆرهەڵاتو خۆرئاوا وەکو دوو قەوارەی موتلەق سەیر ناکەم، بەڵکو مەبەستەم بڵێم لەهەناوی ئەم دوو شارستانییەتەدا دوو هێزی گەورە هەن، مەیلیان لەوەیە ئەوی بەرامبەریان تا دوا ئەندازە بچووك بکەنەوە، ئەم دوو مەیلەش دوو مەیلن لەدنیای ئێستادا توانای گەورەبوونیان تیایە، ئەمە بەو مانایە نییە کە من خۆرئاوا بەموتلەقێك دەبینم بەرامبەر بەخۆرهەڵاتو وەك موتلەقێکی دژ، بەڵکو بەو مانایە کە موتلەقگەراکان لەخۆرهەڵاتو خۆرئاوا دەتوانن دزبەکەنە پێشەوەو بن بەو هێزەی میژوو دروستدەکەن، بن بەو هێزەی رووداوەکان دروستدەکەنو ئاراستەیان دیاریدەکەن، کێشەکە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە موتلەقگەرایی لەجۆرێك لەتیۆرانینەوە دەبێتە جۆرێك لەسیاسەت. کە تونددڕەوی و رەهاگەریی بوو بەسیاسەت ئەو کات مرۆڤدۆستەکانی خۆرئاوا، ئەوانەی باوەڕیان بەدروستکردنی هیستیریاو فۆبیا نیە دەکەونە پەراوێزەوە، دەبن بەدروستکەری ڕێکخراوی خێرخواز، دەبن بەدامەزرێنەری گروپی بچووکو بەڕێکخەری خۆپیشاندانی پەراوێزی لەدنیایەکدا پێویستی بەفشاری ڕاستەقینە هەیە، تا عەدالەت ڕەوتی خۆی وەرگرێتەوە. کێشەکە ئەو کات ڕووەدزێوەکانی خۆی بەرجەستە دەکات کە هێزە کراوەکانی خۆرئاوا لەبری ئەوەی بن بەخاوەنی بڕیار، بن بەهێزی کۆکردنەوەی پاڵتۆو چاکەتی کۆنو جلی لەنگە بۆ خاچی سوور. هیچ سیستەمێك تا ئەندازەیەکی زۆر بەسروشتی ئۆپۆزیسیۆنەکەی دیار ناکرێت، بەڵکو بەسروشتی ئەو هێزانە دیاریدەکرێت کە لەسەرەوەڕا دەسەڵات دەئاژوون. دیارە من باوەڕم بەوە نیە کە خۆرئاواو ئیسلامیش جەوهەرێکی نەگۆڕیان هەبێت، بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کەوەك چۆن ئیسلام دەشێت توشی دەردی تونددڕەوی بێت، توشی گروهێك بێت بیگۆڕێتە سەر ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی نەگۆڕو دژ بەمرۆڤ، هەروەها لیبڕالیزمیش دەشێت توشی دەردی تونددڕەوی و تاکدیدی و تەسکبینی و یەکڕەهەندی ببێت. کە دەڵێن خۆرئاوا وەك قەوارەو مێژوو جەوهەرێکی موتلەقیە، ئەمە وادەکات هەندێ کەس وا تێبگەن کە لیبڕالیزمی خۆرئاوا توانای بەرهەمهێنانی وێنەی موتلەقی نیە بۆ خۆی، ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەیە. وەك چۆن مارکسییەکان کاتی خۆی کەوتنە ئەو هەڵە دژوارەوە کە پێیان وابوو مارکسیزمو مارکسییەکان ناکرێت لەوە مەعسومترن کۆیلەیەتیو ئیستبداد بەرهەمبهێنن، لێرەوە پێیان وابوو ئەوەی سیستەمە مارکسییەکان دەیکەن هەمیشە هەنگاوە بەئاراستەی ئازادی، لەم ساتەدا ئێمە بەرابەر هەمان هەڵە دەوەستینەوە، کاتێك دەبینین هەندێك لە دیموکراسەکان وا تێدەگەن سیستەمە لیبراڵەکانی ئەوڕۆ ناتوانن تۆلیتارییەك لەئاستی دنیادا بەرهەمبهێنن، ئیدی هەرچییەك دەیکەین دواجار باشترە لەوەی کە هەیە. ئەوەی ئەم جەنگە هێنایەوە پێشێ ئەو ڕاستییەیە کە لیبڕالیزم وەك سیستەمو خۆرئاوا وەك شارستانییەت هێشتا لەمەیلی موتلەقگەرایی پاکنەبۆتەوە. ئەمە دروستکردنی وێنەیەکی موتلەق نیە بۆ خۆرئاوا، بەڵکو بینینو چارەدێرکردنی دروستبووی وێنەیەکی موتلەقە لەناو خۆرئاوادا، ئەوەشی ئەم دوو پڕۆسەیە لەیەك جیاناکاتەوە پێوەرەکانو دیدگاکان تێکەڵاوەدەکات.

ئەمە جەنگە لەنێوان دوو فەنتازیادا، جەنگە لەنێوان "هەڵەموت"و "هۆلیۆد"دا جەنگە لەنێوان دوو هێزدا یەکێکیان هێشتا لە "هەڵەموت" دەژی، لەو چیایە دەژی کە حەسەنی کوڕی سەباح جەنگاوەرەکانی خۆی بەدونیادا دەنارد تا دوژمنو نەیارەکانی خۆی بکوژێت، لەنێوان فەنتازیایەکی دیدا کە دەیەوێت قارەمانە سینەماییەکانی خۆی لەدەرەوە تاقیبکاتەوە. ئەم دوو فەنتازیایەش لەئاستی کۆمەڵایەتیو کولتووریدا دوو کارەساتی گەورە دروست دەکەن. کێشەی هەرەگەورەی گلۆبالیزم ئەوەیە کە بوار دەدات فەنتازیای پۆلیسو تیرۆریستەکانی ببێتە راست، بەڵام بوارنادات فەنتازیای شاعیرەکان شوێنێکییان لەسەر زەوی هەبێت.

نۆفالیس بەدوای رۆژێکدا دەگەڕا "واقیع ببێتە خەیاڵو خەیاڵ ببێتە واقیع". ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە نۆفالیستییەیە، بەڵام ئەو واقیعەی دەیبێتە خەیاڵ ئەو واقیعە نیە، ئەو خەیاڵەش کە دەبێتە واقیع ئەو خەیاڵە نۆفالیستییە نیە. لەپشت ئەو ئالۆگۆڕەوە تەکنەلۆژیا هێزی کەرەستە فەنتازیاکانی خۆی تاقیدەکاتەوەو ئیمان توانا خەیاڵییەکانی خۆی دەخاتەوە سەر مەحەك.

ئەوەی لەمانهاتن ڕوویدا سەرەتای سەدەیەکی تازە نیە، بەڵکو درێژکراوەی سەدە کۆنەکانە، درێژکراوەی ئەو فاشیزمە خەوتوو و شاردراوەیەی ناو هەناوی دونیایە، بونبەستی سیستەمەکانی ئیمەیە لەتێپەڕاندنی دواکەوتنی خۆیانو بنبەستی سیستەمی بالادەستی خۆرئاوایە لەوەی "مانای مرۆڤ" بخاتە سەرووی "مانای خۆرئاواوە" بنبەستی خۆرهەڵاتە لەوەی بتوانێت کێشەکانی ناوەوەی خۆی ببینێت، بتوانێت لەوە تێبگات کێشەکانی ناوخۆ، بەپلەی یەکەم ریشەکانی لەناوخۆدایە، بونبەستی ئەخلاقی هێزگەلێکی گەورەو چالاکی ناو لیبڕالیزمیشە کە دووبارە بەشێوەی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەر میراتی ئیمپریالیزمی دێرین. ئەوەی لەمانهاتندا ڕوویدا دونیای لەبەربەرییەتدا یەکسانکردەوە، ئەو موسڵمانەی وا تێدەگات، خۆرئاوا تەنیا فەساد دەهێنێتو ئەو خۆرئاوا پەرستەش پێیوایە خۆرهەڵات تەنیا تیرۆر بەرهەمدەهێنێت، دوو دیوی یەك عەقڵییەتن.

ئەو کردارەی لەمانهاتن ڕوویدا لەبری ئەوەی ببێتە ساتی یەکتری بیستن، ببێتە ئەو بەهانەیەی هەمووان باشتر گوێ لەهەموان بگرن، بووە سەرەتای دەستپێکردنی ڕۆژگارێکی دی لەنەبیستنو دابەشبوونو دوورەپەرێزیو یەکتر نەناسین. ئەمڕۆ هەوڵێکی گەورە دەدرێت ئەو ڕەنجەی پیاوانی کولتوورو ڕۆشنبیران چەندین سەدەیە دەیدەن تا کۆمەڵگاو شارستانییەتەکان لەیەکتر نزیکببنەوە، بنێژرێتو لەچاڵنرێت.

لەمێژە مرۆڤایەتی بەقۆناغی درێژی زمانێك، هەستێکدا نەژی.

ڕۆژی یازدەی سێپتەمبەر، ڕۆژێکی تاریکە بۆ هەموو ئەوانەی لەناو زیاد لەکولتورێکدا گەورەبوون و خەیاڵیان کراوەتەوە. چونکە لەو ڕۆژەدا ئەوانەی کە بڕیاردەدەن دەرگاکانی خۆیان داخەنو مااڵی خۆیان قایمبکەنو لەناو حوجرەی کولتوورەکانی خۆیاندا دانیشن، ڕێگا سووکو ئاسانەکە دەگرنە بەر، هەموو ئەوانەی چاو دەنوقێنن و دەڵێن خۆرئاوا خراپەی موتلەقەو شایستەی سزایە، ڕێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرن. هەموو ئەوانەش کە دەڵێن با ئەمەریکا بێتو بەدەستێکی پۆاڵیی لەئیسلامییەکان بدات ڕێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرن، ڕێگای هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو موتلەقەی کە دوو تاقم سیاسەتمداری نەفام لەخۆرئاواو خۆرهەڵات بەرهەمیدەهێنن. هەریەکێك لەم دوو جەریانە پێشتر بڕیاری داوە جەنگێك لەگەڵ ئەوی تردا بەڕپابکاتو بیگەیێنێتە کۆتایی، هەریەکێك لەم دوو جەریانە بڕیاریداوە لایەنگری ڕەهای خۆی بۆ یەکێك لەو دوو کولتووە ساغبکاتەوەو دەستبەرداری سەرکێشیو ریسکی گەڕان بێت. هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ لەخۆرئاوا هەڵەلە بۆ جەنگ لێدەدەن، پێیان وایە موشەکەکان دەتوانن کورتترین ڕێگای نزیکخستنەوەی کولتوورەکان بن لەیەك، هەموو ئەوانەش لەوڵاتی ئێمەدا دیسانەوە هەڵەلە بۆ جەنگ لێدەدەن، ئەوانەن کە پێیانوایە موشەکەکانو فڕۆکە هەڵگرەکانی ئەمەریکا دەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان بۆ چارەسەر بکاتو لەدەردی موسڵمانە تونددڕەوەکان ئازادمانبکات، دیسان ئەو هێزانەن کە توانای ئیشکردنیان لەسەر واقیعی خۆیان نیەو چاوەڕوانن لەدەرەوە فریادڕەسە خورافییەکان بێن.

لەلای هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی لەسەر سنووری زیاد لەکولتوورێکدا دەسوڕێنەوە، هیچ کولتوورێك ئەوەندە پاك نیە بەتەنیا خۆی حوکمی دونیا بکات، هیچ کولتوورێکیش ئەوەندە پیس نیە دەربیکەینەدەرەوەو بەسەرچاوەی خراپەکانی دونیای بزانین، نە کولتوری سیاسی ناو ئیسلام هێندە پاکە بتوانێت، هیدایەتی مرۆڤایەتی بکات بۆ ڕزگاری، نە کولتووری خۆرئاواش خاوەنی ئەو مۆرااڵە پاکو بەرزەیە کە بەتەنیا بڕیار لەسەر چارەنوسی مرۆڤایەتی بدات. هەموو ئەوانەی پێیان وایە ئیسلام دەتوانێت بەتەنیا بەشەرییەت ئازادبکات، دوور نین لەو فەزا فیکرییەی تیرۆر بەرهەمدەهێنێت، هەموو ئەوانەش پێیانوایە سوپاکانی خۆرئاواو فڕۆکەکانی کێشەکانی ئێمە چارەسەردەکەن دیسان بەدوور نین لەو فەزایەی گەشە بەزەمینەکانی تیرۆردەدات. هەر یەکێك لەم دوو بۆچوونە دونیاو کولتووری خۆی بەپاك دەزانێتو تەوانی دی بەپیس تەماشا دەکات. "پیسی" لەم لۆژیکەدا لەناوەوە نیە، بەڵکو شتێکە لەدەرەوە دێت. "تیرۆر"و تونددتیژی سروشتی خەڵکی شارستانیو مۆرااڵ بەرزی خۆرئاوا نیە، بەڵکو لەدەرەوە هاتووە. لای ئەوان دروستبووی وێنەیەکی موتلەقە لەناو خۆرئاوادا، ئەوەشی ئەم دوو پڕۆسەیە لەیەك جیاناکاتەوە پێوەرەکانو دیدگاکان تێکەڵاوەدەکات.

ئەوەی لەمانهاتن ڕوویدا سەرەتای سەدەیەکی تازە نیە، بەڵکو درێژکراوەی سەدە کۆنەکانە، درێژکراوەی ئەو فاشیزمە خەوتوو و شاردراوەیەی ناو هەناوی دونیایە، بونبەستی سیستەمەکانی ئێمەیە لەتێپەڕاندنی دواکەوتنی خۆیانو بنبەستی سیستەمی بالادەستی خۆرئاوایە لەوەی "مانای مرۆڤ" بخاتە سەرووی "مانای خۆرئاواوە".

یەکدی نەبیستنداەڕوات، لەمێژە گووتارێك هەیە مەبەستێتی "خۆرهەڵات بەخۆرهەڵاتیو خۆرئاوا بەخۆرئاوایی" بمێنێتەوە، دەیەوێت درێژە بەژیانی بەربەستو دیوارەکان بدات. دەیەوێت دوو پۆڵی موتلەقو دژو پێچەوانە دروستبکات، ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا ئەوا ئەو دابەشبوونو پارچەپارچەبوونە بباتە ناومانەوە. سیفەتی گەورەی ڕۆژگاری نەبیستن تەنیا ئەوە نیە کولتوورەکانو شارستانییەتەکان دەرگا لەخۆیان داخەنو دەرەوەی خۆیان نەبیستن، بەڵکو پارچەپارچەکردنی مرۆڤەکان لەناوەوەش، دروستکردنی مرۆڤێکە ئەمدیوی لەگەڵ ئەودیویدا نەدوێت، مرۆڤێکی پارچەپارچە کە ئەوەی کولتوور فێرێکردووە سیاسەتو دین دەیکوژێت، ئەوەی ویژدان پێیدەڵێت عەقڵ ڕەتیدەکاتەوە، ئەوەی لەکەلەپوورو دین فێریدەبێت لەبەردەم مۆرااڵی ئازاددا بیشارێتەوە، ئەوەی لەخۆرئاوا فێردەبێت لەخۆرهەڵات ئاشکرای نەکات، ئەوەی لەخۆرهەڵات فێری بووە لەخۆرئاوا شەرمی لێبکات.

هەموو ڕۆشنبیرێك لەجەوهەریدا پرۆژەیەکی چکۆلانەی "دیالۆگی کولتوورو دیو شارستانییەتەکانە". ڕۆشنبیر مانای نیە گەر "فرەکولتوور" نەبێت، گەر لەسەر سنووری زیاد لەشارستانییەتێك، ڕۆشنبیرییەك، زمانێك، هەستێکدا نەژی.

ڕۆژی یازدەی سێپتەمبەر، ڕۆژێکی تاریکە بۆ هەموو ئەوانەی لەناو زیاد لەکولتورێکدا گەورەبوون و خەیاڵیان کراوەتەوە. چونکە لەو ڕۆژەدا ئەوانەی کە بڕیاردەدەن دەرگاکانی خۆیان داخەنو مااڵی خۆیان قایمبکەنو لەناو حوجرەی کولتوورەکانی خۆیاندا دانیشن، ڕێگا سووکو ئاسانەکە دەگرنە بەر، هەموو ئەوانەی چاو دەنوقێنن و دەڵێن خۆرئاوا خراپەی موتلەقەو شایستەی سزایە، ڕێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرن. هەموو ئەوانەش کە دەڵێن با ئەمەریکا بێتو بەدەستێکی پۆاڵیی لەئیسلامییەکان بدات ڕێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرن، ڕێگای هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو موتلەقەی کە دوو تاقم سیاسەتمداری نەفام لەخۆرئاواو خۆرهەڵات بەرهەمیدەهێنن. هەریەکێك لەم دوو جەریانە پێشتر بڕیاری داوە جەنگێك لەگەڵ ئەوی تردا بەڕپابکاتو بیگەیێنێتە کۆتایی، هەریەکێك لەم دوو جەریانە بڕیاریداوە لایەنگری ڕەهای خۆی بۆ یەکێك لەو دوو کولتووە ساغبکاتەوەو دەستبەرداری سەرکێشیو ریسکی گەڕان بێت. هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ لەخۆرئاوا هەڵەلە بۆ جەنگ لێدەدەن، پێیان وایە موشەکەکان دەتوانن کورتترین ڕێگای نزیکخستنەوەی کولتوورەکان بن لەیەك، هەموو ئەوانەش لەوڵاتی ئێمەدا دیسانەوە هەڵەلە بۆ جەنگ لێدەدەن، ئەوانەن کە پێیانوایە موشەکەکانو فڕۆکە هەڵگرەکانی ئەمەریکا دەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان بۆ چارەسەر بکاتو لەدەردی موسڵمانە تونددڕەوەکان ئازادمانبکات، دیسان ئەو هێزانەن کە توانای ئیشکردنیان لەسەر واقیعی خۆیان نیەو چاوەڕوانن لەدەرەوە فریادڕەسە خورافییەکان بێن.

لەلای هەموو ئەو ڕۆشنبیرانەی لەسەر سنووری زیاد لەکولتوورێکدا دەسوڕێنەوە، هیچ کولتوورێك ئەوەندە پاك نیە بەتەنیا خۆی حوکمی دونیا بکات، هیچ کولتوورێکیش ئەوەندە پیس نیە دەربیکەینەدەرەوەو بەسەرچاوەی خراپەکانی دونیای بزانین، نە کولتوری سیاسی ناو ئیسلام هێندە پاکە بتوانێت، هیدایەتی مرۆڤایەتی بکات بۆ ڕزگاری، نە کولتووری خۆرئاواش خاوەنی ئەو مۆرااڵە پاکو بەرزەیە کە بەتەنیا بڕیار لەسەر چارەنوسی مرۆڤایەتی بدات. هەموو ئەوانەی پێیان وایە ئیسلام دەتوانێت بەتەنیا بەشەرییەت ئازادبکات، دوور نین لەو فەزا فیکرییەی تیرۆر بەرهەمدەهێنێت، هەموو ئەوانەش پێیانوایە سوپاکانی خۆرئاواو فڕۆکەکانی کێشەکانی ئێمە چارەسەردەکەن دیسان بەدوور نین لەو فەزایەی گەشە بەزەمینەکانی تیرۆردەدات. هەر یەکێك لەم دوو بۆچوونە دونیاو کولتووری خۆی بەپاك دەزانێتو تەوانی دی بەپیس تەماشا دەکات. "پیسی" لەم لۆژیکەدا لەناوەوە نیە، بەڵکو شتێکە لەدەرەوە دێت. "تیرۆر"و تونددتیژی سروشتی خەڵکی شارستانیو مۆرااڵ بەرزی خۆرئاوا نیە، بەڵکو لەدەرەوە هاتووە. لای ئەوان ئەمجۆرە پیسییە کۆمەڵگای ئەمەریکا بەرهەمیناهێنێت، بەڵکو سروشتێکی دەرەکی هەیە. لای ئوسامە بن لادنیش پیسی شتێکە لەدەرەوە هاتووە، مێژووی ئەم پیاوە مێژووی ترسو حیرس نیە بۆ ئیسلام، بەڵکو مێژووی پاراستنی جیهانی ناوەوەی ئیسلامە لەدەرەوە. فۆبیای یەکەمی ئوسامە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ڕوسەکان خاکی ئەفغانستان "پیسدەکەن"، لەدوای ئەوە ترسی دووەمی سەرهەڵدەدات کاتێك "ئەمەریکییەکان" دوورگەی عەرەبی پیسدەکەن، کە لەسعودیە دەڕواتە دەرەوە دەچێت بۆ جەنگ لەگەڵ مەسیحییەکانی سوداندا کە بەبۆچوونی ئەو هەریمی دەوڵەتێکی ئیسلامی گلاوەدەکەن.

ئەوەی لەمانهاتن ڕوویدا سەرەتای سەدەیەکی تازە نیە، بەڵکو درێژکراوەی ئەو فاشیزمە خەوتوو و شاردراوەیەی ناو هەناوی دنیایە، بونبەستی سیستەمەکانی ئێمەیە لەتێپەڕاندنی دواکەوتنی خۆیانو بنبەستی سیستەمی بالاڵ دەستی خۆرئاوایە لەوەی "مانای مرۆڤ" بخاتە سەرووی "مانای خۆرئاواوە".

ئاگاداری

لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکەماندا نەمانتوانی بەشی دووەمی گفتوگۆکەی د. فاروق ڕەفیق بلاو بکەینەوە، لەژمارەی داهاتووەوە بەردەوام دەبین لەسەر بلاوکردنەوەی، لەگەڵ داوای لێبوردنمان لەخوێنەران و بۆ ئازیزمان کاك فاروق.